پاشکۆی دووەم
(تایبەتمەندی مەسیحی) تووڕەیی

ئەمە لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی تایبەتمەندی مەسیحی، چۆن مامەڵە لەگەڵ تووڕەییدا دەکەیت؟

أ. تووڕەیی و هۆکارەکەی:

1. تووڕەیی چییە؟ تووڕەیی دەربرینی ناخۆشی و نادادپەروەرییە کە پێویستە دەرببڕێت. لەکاتێکدا ئێمە مافی ئەوەمان هەیە کە تووڕەیی دەرببڕین، بەڵام مافی ئەوەمان نییە کە تووڕەیی بەهەر ڕێگەیەك دەرببڕین کە حەزمان لێیەتی. زۆربەی جار تووڕەیی بەشێوەی هەڵە دەردەبردرێت (واتا خۆمان لەیاد دەچێت) دەبێت تووڕەیی بەرێگەی ڕاست دەرببڕێت (تەواوکردنی مەبەسی خودایی) ڕۆما 1: 18؛ یۆحەنا 2: 13 ـ 17؛ لۆقا 14: 21؛ ئەفەسۆس 4: 26؛ 1ساموئێل 20: 30 ـ 33، بخوێنەوە.

گفتوگۆ بکە: تووڕەیی گوناهباری و تووڕەیی ڕاستی چییە؟

سەرنج: تووڕەیی و گوناهکاری دەرپرینی هەست و سۆزێکی ناخۆشە بەشێوەیەکی زۆر ناحەزانە و بە شێوەی توندوتیژی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئازاردانی خەڵکی و تێکشکاندنی ئاکارە کەسییەکان. بەڵام هەرچی توریی ڕاستییە بریتییە لە هەڵوێستی دەرپرینی تووڕەیی دژی ئەو کارە هەڵەیەی کە دەرهەق بە تۆ ئەنجام دەدرێت.

2. بۆچی خەڵکی تووڕە دەبن؟

گفتوگۆ: هۆکارە جۆر بەجۆرەکان چین؟ بۆچی تووڕەدەبیت؟

سەرنج: نادادپەروەری، کاتێك نادادپەروەری و چەوساندنەوە دەبینیت و توشی ئازاری دەرونیت دەکەن.

- دژایەتی

کاتێك قەدەغەکرای لە بەدەستهێنانی هیوا و ئارەزووەکانت و دژت وەستانەوە.

- شەڕپێفرۆشتن، دەمارگرتن

کاتێك شەڕت پێدەفرۆشرێت و تووڕە دەکرێیت و ڕەفتاری خراپت دژ دەکرێت.

- ئازار

کاتێك توشی ئازارچێژتن هاتیت بە هۆی ئەوەی کە خەڵك قسەت لە دژت دەکات.

- ترسان

کاتێك لەکەوتن و ڕەتکردنەوەو هەندێ شتی تر ترسایت

- لەدەستدان

کاتێك یەکێك لە خۆشەویستان لەدەستدەدەیت، یان کارەکەت، یان پەیوەندیت لەگەڵ هاورێیەکتدا دەپردرێت.

- بێ یارمەتی

کاتێك بێ یارمەتی دەمێنیتەوە و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانت نامێنێت،ماندوو دەبیت و زاڵ نابیت.

- سەرزەنشتکردن

کاتێك خەڵك ڕەخنەی ڕووخێنەرت لێ دەگرێت و سەر زەنشتت دەکات، بەتایبەتی لەبەرچاوی خەڵکی دیکە.

- بێ ئومێدی

لەکاتێکدا توشی شکست دەبیت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانت.

ب- کارتێکی توورەیی و کاردانەوەکانی توورەیی

1. ڕوونکردنەوەی پەیژەی توورەیی

پەیژەی توورەیی ڕوونکردنەوەیەکە دەربارەی کاردانەوەی خەڵك بۆ توورەیی و سەرئەنجامی ئەو توورەییە چییە؟

ڕونکردنەوەی پەیژەیی توورەیی

فێربکە: پەیژەی توورەیی کاردانەوەکانی مرۆڤ ڕووندەکاتەوە بەرامبەر بە توورەیی و حەوت کاردانەوە شیاوەکەی توورەیش ئەمانەن:

7. توورەیی کۆنتڕۆڵکراو: تاکە ڕێگەی ڕاستە بۆ دەرپڕینی توورەیی. کەسە توورەکە هەوڵ دەدات کە توورەییەکەی بە شێوەیەکی گونجاو و بە باشترین شێوە دەربپڕێت و هەمیشە خودای لەیادە، هەوڵدەدات توورەییەکەی بەرامبەر ئەو کەسەی کە لێی توورەبووە سنوردار بکات. توورەیی کۆنتڕۆڵکراو تاوانی نییە "ئەفەسۆس 4: 26" توورەیی کۆنتڕۆڵکراو بە مەبەستی ئاشتبوونەوە و بەرپاکردنی ئاشتییە.

6. توورەیی سنوردار: سنوردارکردنی توورەییەکی زۆر ناخۆشە: کەسە توورەکە هێشتاش ئەو توورەییەی خۆی بەشێوەیەکی سنوردار دەردەبڕێت (دەنگی بەرز، ڕوویەکی توورە) بەڵام توورەییەکەی دادەبەزێنێت بەرامبەر بە بابەتەکە و کەسەکەی بەرامبەری. هەوڵ نادات کە شتی کۆن زیندوو بکاتەوە و ڕقی خۆی بەرامبەر بەو کەسە زیاتر بکات.

5. توورەیی ناخۆش و نەویست: بریتییە لە توورەییەکی ژاوەژاودار و بێ سنور: کەسە توورەکە توورەیی خۆی بەرامبەر هەموو کەس دەردەخات، ئەوەش بە دروستکردنی ژاوەژاوێکی زۆر، هەروەها کەسەکە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی ناڕەوا دەکات، وەکو هاوارکردن و گریانی بەرز و بۆڵەبۆڵ، بەمەش توڕییەکی زۆری بەدوادا دێت و ڕوخسارێکی توورە، مست لە مێزەدان و شێلگریەکی بێ سنور وە ژاوەژاوی دیکەی وەکو دەرگا داخستن بە توندی و هەڵکردنی میوزیکی بەرز.

4. توورەیی سەرکۆنەکەرانە: ئەمەش توورەییەکی کۆنتڕۆڵ نەکراوە کە بەزۆری لە شێوەی قسە پێ گوتندایە. کەسە توورەکە هەندێ جار بە لێشاو قسەی ناشیرین دەردەپەڕێنێت کە دەبێتە هۆی شێواندن و وروژاندنی هەستی خەڵکی، بەمەش ناوبانگی خراپی بەدواوەیە. واتا لە شێوەی قسەی ڕەق و جنێودان دەردەکەوێت بەنەفرەتکردن و ناو و ناتۆرە لێنان و گاڵتەجاڕی و پلەوپایە دابەزاندن، ئەمەش هەر هەندێ جار گریان و هاوارکردنی لەگەڵدایە، ئاماژەیەکی خراپ دەدات بەبەرامبەرەکەی.

3. توورەیی و توندوتیژی: توورەییەکی کۆنتڕۆڵ نەکراوی ڕوخێنەرە. کەسە توورەکە بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك توورەیی خۆی لە شێوەی چەند دەستەواژە و وشەی ناشیریندا دەردەبڕێت. توورەی توندوتیژ هەندێك جار کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، هەندێك جاریش تەنها بە گوتنی قسە و جنێوی زۆر ناشیرین کۆتایی پێ دێت. ئەم جۆرە توورەییە کار لە هەردوو لادەکات.
2. توورەیی شاراوە: توورەییەکی کوژاوەیە بە چەند شێوەیەکی جیاواز لەڕووی کەسە توورەکەدا دەردەکەوێت، هەندێ جار لە ئەنجامی بوونی خەمۆکی و بیرکردنەوەی قوڵ و هەندێ شتی دیکەدا دەردەکەوێت "یۆحەنا 4: 3" کەسە توورەکە هەوڵی ئەوە نادات ئومێد بە ژیان ببەخشێتەوە، بەڵکو هەمیشە تۆوی ئومێد لەناو ناخیدا دەردەهێنێت "ئەیوب 18: 4" وە هەندێك جار لە شێوەی ڕق لە دژی خودا و وڵات و خەڵك دەردەکەوێت.
1. توورەیی قەدەغەکراو یان ڕێ پێ نەدراو: بەچەند ڕێگایەکی جیاواز لە کەسە توورەکەدا ڕەنگدەداتەوە هەندێك جار لە شێوەی کێشەی دەروونیدا دەردەکەوێت، وەکو خەمۆکی و ڕاڕایی و تێکشکان لە هەست و نەستدا یان لە شێوەی کێشەی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، وەکو کەسیایەتییەکی داخراو پەیوەندی سارد لەگەڵ کەسانی دیکە یان لە شێوەی کێشەی فیزیاییدا دەردەکەوێت وەکو سەرئێشە، ناڕەوایی و برین و تەنانەت وەستانی دڵ یان لە شێوەی ڕەفتاری تێکشکاوی وەکو ڕاهاتن لەسەر کحولەکان و ماددە هۆشبەرەکان، بەم شێوەیە ئەم جۆرە توورەییە بە پلەی یەکەم کار لە خودی کەسەکە دەکات.
2. سود و زیانەکانی کاردانەوە جۆراوجۆرەکانی توورەیی
گفتوگۆبکە: بۆچی دەربڕینی توورەیی بە ڕێگایەك باشترە لە ڕێگایەکی دیکە؟
سەرنج: دەربڕینی توورەیی باشترە بە ڕێگای جیاواز، لەبەرئەوەی ئەنجامەکانی کەمتر زیان بەخشن، بە نموونە:
توورەیی قەدەغە یان ڕێ پێ نەدراو:
توورەیی قەدەغە یەکێکە لەو توورەییانەی کە زۆرترین زیانی خراپی هەیە، لەبەرئەوەی کەسە توورەکە هەمیشە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەو توورەبێت. کەسە توورەکە هەمیشە لەبەرئەوە زۆر دڵنیایی دەداتەوە کە ئەو هەرگیز توورەنییە! ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە کێشەی هەبێت.
توورەیی شاراوە:
توورەیی شاراوەش زۆر کاریگەر و زیانبەخشە. لەبەر ئەوەی کەسە توورەکە دەزانێت کە توورەیە، هەروەها لەناخی خۆیدا زۆر بە ووردی بیری لێ دەکاتەوە، بەڵام ئەو کێشەکەی لە خەڵکی دیکە دەشارێتەوە، لەبەر ئەوەی وادەزانێت ئەگەر کێشەکانی ئاشکرا بکات ناتوانێت زاڵ بێت و چارەسەری بکات.
توورەیی توندوتیژی:

تووڕەیی توندوتیژیش بە شێوەیەکی ئاشکرا بۆ هەموو کەسێك زۆر زیانبەخشە، لەبەر ئەوەی هێرشکردنە سەر خەڵکی تێدایە و لەکەدارکردنی ناو و ناوبانگی بەرامبەری تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی دەرپڕینی کەمتر کار لە ناخ دەکات.
تووڕەیی سەرکۆنەکەرانە:
تووڕەیی سەرکۆنەکەرانەش زیانبەخشە، لەبەر ئەوەی ئازاردانی خەڵکی تێدایە بە وشەی نەشیاو، بەڵام بە پلەیەك لە خوار تووڕەیی توندوتیژیەوە، واتا لەوە باشترە کە کەسە تووڕەکە کۆنتڕۆڵی خۆی پێ دەکرێت و دەتوانێت لە قسەکانی بوەستێت.
تووڕەیی زۆرناخۆش:
تووڕەیی زۆرناخۆش لە ڕاستیدا دەرپڕینی تووڕەییە بەشێوەیەك کە ئازاردانی تێدایە، بەڵام هەر لە تووڕەیی سەرکۆنەکەرانە باشترە، چونکە کەسە تووڕەکە زیاتر کۆنتڕۆڵی خۆی پێ دەکرێت و بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێت.
تووڕەیی سنوردار:
تووڕەیی سنوردار زۆر باشترە لە جۆرەکانی دیکەی تووڕەیی کە باسمانکرد، بە هەنگاوێکی دیکەی بەرزترە لە پەیژەی تووڕەیدا، لەبەرئەوەی کەسە تووڕەکە توانای کۆنتڕۆڵی تەواوی هەیە و خۆی سنوردار دەکات.
تووڕەیی کۆنتڕۆڵکراو:
تووڕەیی کۆنتڕۆڵکراو تاکە جۆری تووڕەییە کە تێیدا کەسە تووڕەکە تەواو ئاگادارە و کۆنتڕۆڵی تووڕەییەکەی دەکات، ئەوە گوناهی تێدا بەکار نایەت، ئەو جۆرەیە کە خودا تێیدا داوادەکات کە باوەڕداران تووڕەیی خۆیان بەم شێوەیە دەربڕن. ئەمەش تووڕەیی لەلایەن خوداوە دروست ناکات، چونکە کەسی تووڕە دژی خودا ناوەستێتەوە، بەڵکو وەکو تەواوکاریەك دەبێت.
ج- مامەڵەکردن لەگەڵ تووڕەیی
فێر بکە: چۆن دەتوانیت مامەڵە لەگەڵ تووڕەیی دا بکەیت.
1. ڕەچاوی ئەنجامەکانی تووڕەی بەگوناه بکە
بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: ئەنجامەکانی چی دەبێت ئەگەر مامەڵە لەگەڵ تووڕەیی بەگوناه نەکەیت؟
سەرنج: تووڕەیی بە گوناه دەتکاتە کەسێکی نەزان و گێژ "ئەفەسۆس 7: 9". تووڕەیی بە گوناه دەبێتە هۆی تاوانکاری "زەبورەکان 37: 8" تووڕەیی بە گوناه هەرگیز لە ژیانی ڕاستگۆیی و خوداناسی نزیکت ناکاتەوە "یاقوب 1: 19 ـ 20" تووڕەیی بە گوناه مایەی خەفەت و ناخۆشییە بۆ ڕوحی پیرۆز "ئەفەسۆس 4: 30 ـ 31" ئەم جۆرە کەسە تووڕەیە دەبێت ڕووبەڕووی سزای خودایی بکرێتەوە "مەتا 5: 22"
2. ڕاهێنان بۆ سەرکەوتن بەسەر پەیژەی تووڕەییدا
گفتوگۆ بکە: چۆن بەسەر پەیژەی تووڕەییدا سەردەکەویت؟
سەرنج: مەترسە لە پێشاندانی تووڕەیی خۆت، بەڵام ئەوە فێربە کە تووڕەییەکەت بە شێوەیەك بێت لەسەر ڕێساکانی ئینجیل و لەلایەنە

کۆمەڵایەتییەکان لانەدەیت، با ڕزگارت بێت لە توورەیی بە گوناه و هەڵچوون "ئەفەسۆس 4: 31" خۆت لێڕابهێنە بۆ دەربڕینی توورەییەکەت، هەرجارەو بە شێوەیەکی باشتر لەجاری پێشوتر بۆ گەیشتن بە پەیژەی سەرکەوتندا، تاوەکو سەربکەویت.

3. توورەییەکەت بەشێوەی کۆنتڕۆڵکراو دەربڕە

بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: چۆن توورەییەکەی خۆت بە شێوەی کۆنتڕۆڵکراو دەردەبڕی؟

توورەیی خۆت بە شێوەی کۆنتڕۆڵکراوی دەربڕە و بەرپرسیاریەتیت هەبێت بەرامبەری.

گرینگ نییە هەست بەچی ئازارێك دەکەیت، خودا بەرپرسیاریەتیت دەکات لە دەرپڕینی هەست و سۆزت بەرامبەر خەڵکانی دیکە "مەتا 5: 22" ئەگەر هەستت بە ئازاردان و ناڕەحەتی کرد ئەوا هەوڵبدە خۆت ئارام بکەیتەوە، بە پیاسەکردن و بیرکردنەوەیەکی باش هەناسەی توند هەڵکێشان.

خۆ کۆنتڕۆڵکردن دەرڕین بە ئارامی لەگەڵ خەڵکانی دیکە

هەوڵبدە لە خەڵکانی دیکە تێبگەیت "پەندەکان 14: 29" لەجیاتی هەڵچوون لەسەرخۆ بە و دەمەقاڵێ مەکە "پەندەکان 15: 18" لەجیاتی هەوڵدان بۆ بردنەوەی دەمەقاڵێ و شەڕەقسە هەوڵبدە لەڕێی خەیاڵەوە خۆت هێمن بکەرەوە "پەندەکان 16: 32" لەجیاتی تۆڵە لێخۆشبوون هەڵبژێرە "پەندەکان 19: 11" لەجیاتی دەرپڕینی توورەییەکەت لەژێر کۆنتڕۆڵی خۆتدابە "پەندەکان 29: 11".

خۆ کۆنتڕۆڵکردنی خۆت دەربڕە بە قسەکردنی بە هێواشی و لەسەرخۆیی هەڵبدە کاتێ توورەدەبیت لەسەرخۆ بیت، واتا توورەیی زۆر نەتگرێت، لەسەر هەموو شتێك هەڵمەدەرێ. هەروەها هەموو شتێك بە هێرش مەزانە بۆ سەر خۆت "یاقوب 1: 19"، بەتوورەیی بۆ ماوەیەکی زۆر مەمێنەرەوە "ئەفەسۆس 4: 26" دووربکەوە لەو کەسانەی کە زۆر زوو توورەدەبن و کاریگەریان لەسەر تۆ هەیە "پەندەکان 22: 24 ـ 25" هەمیشە لەگەڵ کەسێکدابە کە لەخۆتەوە نزیکە لە ئارامیدا "ڕۆما 12: 10" هەوڵمەدە هەڵەکان تۆمار بکەیت بۆ تۆڵەکردنەوە لەو کەسەی لە بەرامبەرتی ئەنجامداوە "1کۆرنسۆس 13: 5"

4. دەرپڕینی توورەیی بە ڕێگای مێشك

بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: چۆن توورەیی خۆت بەشێوەیەکی بیرمەندانە دەردەبڕیت؟

هەنگاوەکان بنێ "مەتا 5: 23 ـ 24؛ 18: 15" بخوێنەوە

سەرنج: هەنگاو بنێ بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بێ گوێدانە هەڵەکانی ڕابردوو، هەوڵبدە کە کێشەکان چارەسەر بکەیت.

ڕێ بدە و دانی پێدا بنێ کە تۆ توورەیت "یاقوب 5: 16" بخوێنەوە

سەرنج: ڕێ بدە و دانی پێدا بنێ بۆ خۆت و خودا و خەڵك کە تۆ توورەیت، لەبەر ئەوە داوای ژیری لە خودا بکە "یاقوب 1: 5"

بە شێوەیەك قسە بکە کە یارمەتی دەرە: "ئەفەسۆس 4: 15 ، 29" بخوێنەوە

سەرنج: هەوڵبدە قسە بکەی لەگەڵ کەسەکەی دیکە و یارمەتیدەری بە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.
1. دەبێت قسەکردنت بە شێوەی ڕاستگۆیانە بێت: هەوڵی دروستکردنی هەڵەی زیاتر مەدە. دەبێت هەوڵی ئەوە بدەیت کە لەگەڵ ئەو کەسەی کێشەت لەگەڵدا هەیە هەردووکتان ئاشتببنەوە و ڕاست و ڕەوان لەگەڵ یەکتریدا قسە بکەن و ڕێگاچارە بدۆزنەوە.
2. دەبێت قسەکانت یارمەتیدەر بن. هەوڵبدە تووڕەییەکەت، ڕەخنەکەت، سەرزەنشت، بە شێوەیەکی نەرم و نیان و چاك بێت، هەمیشە پلان بۆ پێشەوە دابنێ و بزانە کە کەی و چی دەڵێیت. گفتوگۆی بابەتە ئاڵۆزەکەت بکە ڕێگاچارەی بۆ بدۆزەوە، هەوڵبدە لە سەرنج و تێبینی کەسانی دیکە تێبگەیت.
3. دەبێت قسەکانت خۆشەویستی لەگەڵدا بێت: خۆشەویستی ئارامییە، میهرەبانییە، بەخشندەییە، بێ فیزییە، خۆنەویستییە، "1کۆرنسۆس 13".
5. تووڕەییەکەت بەشێوەی خۆشی دەرببڕە:
فێربە: ئاگاداربە لە قسەکانت، دەنگت بەشێوەیەکی ئارام و دوور لە لەکەدارکردن بێت "پەندەکان 15: 13".
باڵادەستی خودا: خودا حەزی لەچی بێت ئەوە دەکات، لەبەرئەوەی ئەو خاوەنی گشت دەسەڵات و ماڵ و سامانی هەردوو دونیایە، خاوەنی سزا و پاداشتە، هەروەك ئەیوب ڕایگەیاند "ئەیوب 42: 2" (زانیم کە هەموو شتێك دەتوانیت، هیچ شتێك لێت عاسی نابیت) خودا پیرۆزە، ڕاستگۆیە، میهرەبانە و خۆشەویستە. خودا بەڵێنی داوە کە لە هەموو شتێکدا یارمەتی چاکەکاران دەدات "8: 28". خۆتاقیکردنەوە زۆر گرینگە، نابێت ترسمان هەبێت و دەبێت بێ دوودڵی دوای ڕێبازی خودا بکەوین و پەیڕەی فەرمانەکانی بکەین "مەتا 26: 39" لەجیاتی تووڕەیی و هەڵچوون پێویستە ڕوو لە خودا بکەین، هەوڵبدەین لە سنوری فەرمانڕەوایی خودادا بین و دەرنەچین، خودا گەورەترە لەوەی کە لەناو دڵماندایە و چارەنوسی (بۆچی) یان (چەند) دەزانێت؟ "1یوحەننا 3: 18 ـ 20"
6. هەوڵی تۆڵەکردنەوە مەدە، بەڵکو گیانی خۆشەویستی و لێبوردەییت هەبێت
بدۆزرەوە و گفتوگۆ بکە: چ شتێك پێویستە کە بیکەیت بۆ ئەو کەسەی کە لەگەڵیدا تووڕەبوویت؟
لە دڵەوە هەوڵبدە ئەو کەسە ببوریت "مەتا 18: 21 ـ 35"
خۆشت بوێت وە بۆی بپاڕێرەوە، چاکەی لەگەڵدا بکە "لۆقا 6: 27 ـ 28"
هەرگیز تۆڵە مەکەرەوە "ڕۆما 12: 14 ـ 21"
7. با خودا برینەکانت ساڕێژ بکات
بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە: دەبێت چی بکەیت لەگەڵ ئازاری هەستی بریندارکراوتدا؟
دوعا و پاڕانەوە بکە و داوای چارەسەی ئازارەکانت بکە "زەبورەکان 62: 8؛ 34: 18" بخوێنەوە
داوا لە خودا بکە تاوەکو دوورت بخاتەوە لە تووڕەیی

لەگەڵ گروپێك لە هاوڕێیانت نوێژ بکە و بپاڕێرەوە " یاقوب 5 : 13 ـ 16 " بخوێنەرەوە
ئەگەر لەلات قورس بوو بۆ بەخشین و خۆشویستن، پاشان هەوڵبدە گفتوگۆی ئەو شتانە بکە لەگەڵ مەسیحییەکانی دیکە تاوەکو بۆت لە خودا بپاڕێنەوە و چارەسەری گرفتەکانت بکەیت